http://jgu.garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.361

# رۆڵ و كاریگەری ناوەندی ئەرشیفی لە سیستمی زانیاری نەتەوەییدا: بنیاتنانی ناوەندی ئەرشیفی لە ناوچەی گەرمیان بە نموونە

مەبەست علی محمد ئەمین[1] دلپاك جبار علی[2]

[1] زانكۆی گەرمیان ,بەشی مێژوو
mabast.ali@garmian.edu.krd

[2] زانكۆی گەرمیان ,بەشی مێژوو
dlpak.jabar@garmian.edu.krd

**پوختە**

ئامانجی سەرەكی ئەم لێكۆڵینەوەیە خوێندنەوەیەكی شیكاری بەراوردكاریانەیە، هەوڵێكە بۆ ناساندنی گرنگی و كاریگەرییەكانی دامەزراندنی ناوەندێكی ئەرشیفی مۆدێرن لە ناوچەی گەرمیان (كەلار). تیایدا تیشك دەخەینە سەر رۆڵی ناوەندی ئەرشیفی لە پرۆفیشنالكردن و بەرەو پێش بردنی كاری مێژوونووسی و بونیادنانی ژێرخانی مەعریفی-مێژوویی لە نێو كۆمەڵگادا. لە سەرەتادا هەوڵی ناساندنی بنەرەتی كاری ئەرشیفكردن دەدرێت و بارودۆخی كاری مێژوونووسی لە پێش بە دامەزراوەییكردنی ناوەندی ئەرشیفی دەخرێتە روو، پاشان ئەزموونی دوو وولاتی پێشكەوتوو (بەریتانیا و میسر) لە ئەرشیفكردندا هەڵدەسەنگێنین. هەوڵ دەدەین فاكتەرە پێویستەكانی دامەزراندنی ئەم ناوەندە لە ناوچەی گەرمیان بخەینە روو كە دەوری گرنگ دەگێڕێت لە یارمەتیدانی مێژوونووسان بۆ دەستگەیشتن بەو سەرچاوانەی كە گرنگییەكی مێژوویی و نەتەوەییان هەیە. بایەخ و كاریگەرییەكانی ناوەندی ئەرشیفی لە سەر مێژووی نەتەوەیی و ناساندن و بەرەو پێشبردنی ناسنامەی نەتەوەیی بابەتی سەرەكی بە دواداچوونەكەمانە.

**كلیلی ووشەكان:** ناوەندی ئەرشیفی ، سیستمی زانیاری نەتەوەییدا ، ناوەندی ئەرشیفی ، گەرمیان

## 1- پێشەكی

پرۆسەی ئەرشیفكردن بریتیە لە تۆماركردن و پاراستنی ئەو بەڵگە و دۆكیۆمێنتانەی كە بایەخێكی گرنگی مێژوویی و سیاسی و فەرهەنگی و بەڕێوەبردن و نەتەوەیی هەیە و دەبێتە یادەوەری گشتی كۆمەڵگە، لە هەناوی ئەواندا بەشێك لە پرسەكان و ڕووداوەكان ڕەنگی داوەتەوە وەكو كاروكردەوەكان، بەیاننامەكان، نوسراوەكان، بەرنامەكان، سیاسەت و بڕیاردان و گفتوگۆ و دیدار و كۆبونەوەكان. لە ڕێگەی تۆماركردنی مێژوو و ئەم یادەوەرییانەی ڕابردوووەوە دەتوانرێت شیكردنەوە بۆ ڕاستیە مێژووییەكانی كۆمەڵگە فەراهەم بێت[1]، هەروەها نەوەكانی داهاتوو بە مێژوو و فەرهەنگی پێشینانیان ئاشنا دەكرێن و بە

[1] سیما شارقی. أینده أرشیو و تحقیقات تاریخی, فصلنامه گنجینه اسناد. شماره 76 ,زمستان 1395 . ص 96

تێڕامان لەو داتا و زانیاری و تۆمارە مێژووییانەوە دەتوانرێت خوێندنەوەیەکی زانستیانە و واقیعیانەیان بۆ ئەمڕۆ و ئایندەی وولآت هەبێت. بەو پێیەی لە ئامانجە سەرەکیەکانی مێژوو بریتیە لە پێکەوە بەستنەوەی ڕابردوو و ئێستا و ئایندە و یەکێك لە ئامرازە یارمەتیدەرەکان بریتیە لە بەڵگە و تۆماری ڕووداوەکانی ڕابردوو کە هۆکارێکن بۆ درکردنی مێژوو، لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت خوێندنەوەیەکی زیندووانە بۆ مێژوو ئەنجام بدرێت و پەی بە ناوەکی ڕووداوەکان و باروگوزەرانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگە ببرێت، بە سود وەرگرتن لە ڕابردوو، ئێستا و ئایندەی پێ بونیاد بنرێت، چونکە مێژوو بە بڕوای شبنگلەر بریتیە لە ئەرشیف و وێنەی ڕابردووی نەتەوەیی و جیهانی و وەك ئێستایەکی بەردەوام دەپارێزرێت و ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە[2]. هەروەها ساندەرسۆن (Sanderson)یش پێی وایە کە لە هەرە دیاترین سودەکانی گرنگیدان بە پرۆسەی ئەرشیفسازی، دەبێتە سەرچاوەیەکی کاریگەر بۆ لێکۆڵینەوە مێژوویەکان لە داهاتوودا و تێگەیشتنێکی بە بەها ئەبەخشێت لەسەر کارو چالاکیەکانی پێشینانمان و ناسنامە و ڕەسەنیەتی نەتەوەییمان[3]. بێگومان تۆمارەکانیش جۆراوجۆرن و هەموو ئەو بەڵگەنامانە دەگرێتەوە کە بەهای مێژوویان هەیە، لەوانە بەڵگەنامە کاغەزیەکان، تۆمارە دەنگی و ڤیدیۆییەکان، وێنە و نەخشە و هەر تۆمارێکی تر کە زانیاری لەسەر کاروچالاکی دامودەزگا حکومی و حیزبی و ڕێکخراو و کۆمپانیاکان ببەخشێت.

کوردستان بە گشتی و ناوچەی گەرمیان بە تایبەتی لە دێر زەمانەوە جێگایەکی گرنگی ژیاری بووە و خاوەنی فەرهەنگێکی دەوڵەمەند و مێژوویەکی پڕ لە رووداوە، بەڵام بەهۆی هەژاری کاری ئەرشیفکردن، تویژەران ناچار دەبن کە پشت بەو تۆمار و دۆکیۆمێنتانە ببەستن کە لە ناوەندە ئەرشیفیەکان و مۆزەخانەکانی دەرەوە هەڵگیراون . هەروەها، بەهۆی نەبونی ناوەندێکی ئەرشیفی بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی بەڵگەنامە و شوێنەوارەکان لە ناوچەکەدا، نەتوانراوە وەکو پێویست پەی بە گرنگی و بایەخی مێژوویی و فەرهەنگیی پڕ لە بەڵگەنامە و تۆماری ناوچەکە ببردرێت، ئەمە جگە لەوەی کە بەشێکی زۆری تۆمار و بەڵگەنامەکان لە ناو چوون. لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدرێت گرنگی و پێویستی دامەزراندنی ناوەندێکی ئەرشیفی لە ناوچەی گەرمیان بکەینە بنەمای کاکردنمان، ئەوەی کە دەبێتە جێگای سەرنج و گرنگی پێدان دوو ئامانجی سەرەکیە یەکەمیان بریتیە لە ناساندنی پرۆسەی ئەرشیفسازی و میکانیزمەکانی دروستکردنی ناوەندێکی ئەرشیفی و چۆنیەتی دۆکیۆمێنتکردن لە ناوچەی گەرمیاندا، تیایدا سەرنج دەخەینە سەر گرنگی تۆمار و بەڵگەنامەکانی حکومەت و دامودەزگاکانی لە ڕووی مێژووییەوە و هەوڵی ناساندنی پرۆگرام و پرۆسیجەرە پێویستەکان دەدەین لە ڕێکخستن و تۆمارکردنی بەڵگەنامە جۆراوجۆرەکان. دووەم بریتیە لە بایەخی دامەزراندنی ناوەندێکی ئەرشیفی لە ناوچەکەدا و ڕۆڵ و گرنگی لە یارمەتیدانی مێژونوسان و لێکۆڵەرەوان و کاریگەریەکانی لە پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونی بارودۆخی کۆمەڵگە.

[2] مەریوان, عبدول. فەلسەی مێژوو لای شبنگلەر (مێکۆڵنەوەیەکی شیکاری-ڕخنەییە) . چاپخانەی خانی, دهۆك. 2008. ل53.

[3] Sanderson, K. A. "Private archives." *Informing New Zealand: Libraries, archives and records= Hei puna whakamohio mo Aotearoa: Whare pukapuka, puranga korero, whare taonga*. Open Polytechnic of New Zealand, 2007. (p. 183)

## 2- ئەرشیفسازی و دامەزراندنی ناوەندی ئەرشیفی لە مێژوودا :

کاری ئەرشیفکردن و گرنگیدان بە پرۆسەی دۆکیۆمێنتکردن بنەڕەتێکی مێژوویی دورودرێژی هەیە و دیاریدەیەکی نوێ نیە. سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشای دەوڵەتی ئاشوری نوێ (ئاشوربانیپاڵ Ashurbanipal 668-627 بەر لە زینی)، لە ئەنجامی کنەوپشکنینەکانی نەینەوا (25000) دەقی نوسراو دۆزرایەوە لەو شوێنەی کە بە کتێبخانەی ئاشوربانیپاڵ ناسراوە، پێکهاتەی دەقەکان بەسەر دوو بەشدا دابەشکراون، یەکەمیان: بریتییە لە ژمارەیەك لە بەڵگەنامە ئەرشیفیەکان کە نوسراوەکانی شاهانە و نامە و دەقی بەرێوەبردن و کۆپیکردنەوەی دەقەکانی سەردەمی سۆمەری و بابلی لەسەر داوای پاشا لەخۆدەگرێت. دووەم: بەڵگەنامەکانی کتێبخانە لەخۆدەگرێت کە پێکهاتووە لە دەقە ئەدەبی و زانستیەکان[4].
یەکێکی تر لە هەوڵەکانی پاراستن و هەڵگرتنی دۆکیۆمێنتەکان لە کۆندا لە لایەن یۆنانیە کۆنەکانەوە بوو. لە سەدەی (سێ و چوار بەر لە زاینی) ئەسینابیەکان هەوڵی هەڵگرتن و پاراستنی بەڵگەنامە بەنرخەکانیان داوە لە پەرستگی خواوەندی دایك (مێترۆن Metron) لە گرنگترین ئەو بەڵگەنامانەی کە لە پەرستگاکەدا کۆکراونەتەوە و پارێزراون بریتین لە پەیماننامە و یاسا شەرعیەکان و بەڵگەنامە سیاسیەکانی دەوڵەت، هەروەها ستەیتمێنتەکانی سوقرات کە لە پێناو بەرگریکردن لە خۆی ئامادەی کردبوون پارێزراوبوون, هەروەها دەستنوسەکانی (ئێسکلەس Aeschylus, سۆفۆکلیس Sopholes و یوریپیدیز Euripides) و لیستی ناوی سەرکەوتوانی یاریەکانی ئۆڵۆمپیاد بەشێك بوون لە بەڵگەنامە هەڵگیراوەکان, ئەم بەڵگەنامە نوسراوانە لە کۆنترین کاتەکانیانەوە تاکو سەدەی سێی زاینی پارێزان کە لەسەر پەڕەی پاپیرۆس (papyrus) نوسرابوون[5].
هاوکات, رۆمانیەکانیش گرنگیان بە ئەرشیفکردن داوە و ئەرشیفی دەوڵەتی و کەسیان بە ناوی (تبولاريوم) هەبووە لە سەدەی (چواری بەر لە زاینی), لە ژێرزەمینی پەرستگاکانیاندا خواوەندی ئەرشیفیان هەبووە و لە هەندێك شاردا کۆگای بەڵگەنامەکان هەبووە و بەشێك لە بنەماڵە و دەوڵەمەند و دەسەلاتدارەکان و ئەشرافەکان ئەرشیفی پاشایەتیان هەبووە[6].

کاری ئەرشیفسازی بەردەوام لە ستراتیج و بەرنامەی کاری نەتەوە نوێخوازەکان بووە و پەرەیان پێدراوە. سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا وەرچەرخانێکی نوێ بوو لە کاری ئەرشیفسازیدا و چەندین بنکە بۆ مەبەستی پاراستنی تۆمارە مێژووییەکان کرانەوە وەك بنکەی ئەرشیفی دادگاکان و دام و دەزگا جۆراوجۆرەکان, ئەرشیفی خێزان و بنەماڵەکان, بەڵام دامەزراندنی ناوەندی ئەرشیفی و بە دامەزراوەیی کردنی پرۆسەی دۆکیۆمێنتکردن دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی حەڤدە, کاتێك پاوڵی پێنجەم

---

[4] Roux, G. *Ancient Iraq*. Penguin UK, 1992. P. 355

[5] Schellenberg, T. R. "Modern archives. Principles and techniques." Society of American Archivists. U.S.A (2003). P. 3.

[6] محمد حقی خوانساری. تاریخچه سند و مراکز اسناد در جهان و ایران. فصلنامه أینه پژوهش, شماره 158. خرداد و تیر 1395. ص 39

(Paul v) لە (1610ز) ناوەندێكی تایبەتی  بە كاری ئەرشیفكردن دامەزراند و هەوڵیدا جێگەیەكی گونجاو و لەبار بۆ هەڵگرتن و پاراستنی دەسنوس و بەڵگەنامەكان دابین بكات[7].

سەدەی هەژدە ماهیەت و گرنگیدان بە پرۆسەی ئەرشیفكرن پێی ناوە نێو قۆناغێكی نوێوە و ئاماژەكانی پێویستی دامەزراندنی ناوەندی ئەرشیفی نەتەوەیی دەركەوت, لە ئیتالیا داخوازیەكان بۆ دامەزراندنی ناوەندێكی ئەرشیفی كە تەواوی تۆمارە مێژووییەكانی دەوڵەت لەخۆ بگرێت بوو بە بنەمای كاركردن تیایدا بۆ یەكەم جار هەوڵدرا كە گرنگی بە ڕێكخستن و كۆدكردنی بەڵگەنامە ئەرشیفكراوەكان درا و ڕەچاوی ڕێكخستنی بەڵگەنامەكان بە پێی زنجیرە و ژمارە كراوە, ئەرشیفسازی ناسراو (جۆسێپی كارامپی Giuseppe Garampi) سەرۆكی بنكە ئەرشیفیەكان لە ئیتالیا لە ماوەی (1751-1772ز) دەستی كرد بە بەكارهێنانی كارتی پێڕست (card index) بۆ تۆمارە ئەرشیفكراوەكان بەمەش تۆمارەكان بە پێی تەمەن و بەها و جۆرییەتیەكەی دیاری دەكرا لە شوێنی تایبەت بە خۆیدا هەڵدەگیرا[8].

درككردن بە گرنگیە بنچینەییەكانی ناوەندی ئەرشیفی و گرنگیدان بە ئەرشیفكردن لە كۆمەڵگای پێشكەوتوو و خاوەن مەعریفەی زیندوودا كاتێك دەبێت كە چۆن مامەڵە لەگەڵ بەڵگەنامە و تۆمارە مێژووییەكانیان دەكەن كە ووڵات ڕووبەڕوی دابەشكاری و بارودۆخی سیاسی ناجێگیر دەبێتەوە. لە ماوەی شۆڕشی فەرەنسی و كۆتایی هاتن بە سیستمی فیودالیزم لەو ووڵاتە تەواوی دامودەزگا حكومی و ئاینی و ئابوریەكان لەناوچوون و هەوڵ دەدرا كە تەواوی شوێن پێكانی ڕژێمی پێشوو لەناو ببرێت[9]. بەلام, لە ئامانج و باوەڕە دیارەكانی شۆڕش بریتی بوو لە هەڵگرتن و پاراستنی تۆمارەكانی فەرەنسای تازە و دەسەلاتی پێشوو, لە كۆبونەوەی نەتەوەیی لە ساڵی (1789ز) بڕیار لەسەر دامەزراندنی ناوەندێكی ئەرشیفی درا بە مەبەستی تۆماركردن و پاراستنی هەموو هەنگاوەكانی شۆڕش بۆ ئەوەی نەوەی تازە ئاگادار بكرێتەوە لە ڕووداوەكان, لە ساڵی دواتر (1890ز) ئەم ناوەندە ئەرشیفە بڕیاری دامەزراندنی (ناوەندی ئەرشیفی نەتەوەیی پاریس National Archives of Paris)ی دەركرد بە ئامانجی پاراستنی تەواوی تۆمارەكان كە گرنگی نەتەوەییان هەیە لە ئێستا و ڕابردوودا. هەرچەندە شۆڕشگێڕە ڕادیكاڵیەكان بە تەواوی دژایەتی گرنگیدانیان بە تۆمارەكانی ڕژێمی پێشوو دەكرد و جەختیان لەسەر پێویستی لە ناوبردنیان دەكردەوە, بەلام لە بەرامبەردا كۆنزێرڤاتیڤەكان (كۆنە پارێزەكان) لەو بڕوایەدا بوون كە تەواوی مێژووی ڕابردوو و شوێنەوارەكان موڵكی گشتین و دەبێت بپارێزرێن, كۆمەڵگە دەبێت مافی بەكارهێنانی هەبێت و بوار بدرێت بە ڕای گشتی بە گەڕان بە نێو تۆمارە فەرمیەكاندا لە پێناو پاراستی بەرژەوەندی و مومتەلەكاتە یاساییەكانی لە ماوەی دەسەلاتی ڕژێمی پێشوودا[10].

---

7 Berger, S. "The role of national archives in constructing national master narratives in Europe." *Archival Science* 13, no. 1 (2013): P. 3
8 Berger, S. *Ibid.* p. 5
9 Singh, A. R. *Information Management in Archives and Libraries*. Aakar Books, 2001. P. 72.
10 Schellenberg, T. R. *Ibid*. p. 4

لە میانەی شۆڕشی فەرەنسیدا کە بە سەرەتایەك بۆ دامەزراندنی ناوەندی ئەرشیفی مۆدێرن دادەنرێت, تۆمارە مێژووییەکان و کەرەستە شوێنەواری و فەرهنگیەکان وەك بنچینە و بنەڕەتێك بۆ ئە نجامدانی چاکسازی و ڕیفۆرم لە پێکهاتەی کۆمەڵگای کۆن و بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەتوو و نوێخواز لێی دەڕوانرا, لەبەر ئەوە لە دەرەنجامە گرنگ و کاریگەرەکانی شۆڕشی فەرەنسی گرنگیدان بوو بە تۆمارە مێژووییەکان و وەك سەرەکیترین ئێلەمێنتی پێشخستنی کۆمەڵگە سەیری دەکرا[11], ئەم تێگەیشتن و دونیا بینیە بۆ ئەرشیفسازی سێ ڕاسپاردەی گرنگی بە دوای خۆیدا هێنا :

1- دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیەکی ئەرشیفی نەتەوەیی سەربەخۆ.
2- دانانی یاسا و ڕێسایەکی تایبەت بە چۆنیەتی بەکارهێنانی تۆمارە ئەرشیفیەکان, لە هەمان کاتدا جەختکردنەوە لەسەر بەکارهێنانی و دەستگەیشتن بە تۆمارەکان لە لایەن هەموو تاکێکەوە.
3- دەوڵەت بەرپرسیار بوو لە تەواوی تۆمارەکان و گرنگیدان بە بەڵگەنامە گرنگەکانی ڕابردوو بوو بە ئەولەویەتی کارەکانی[12].

لە سەدەی نۆزدەدا، پرسی ئەرشیفسازی پێشکەوتنێکی باشی بەخۆوە بینی و هەلومەرجێکی نوێ بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ تۆمارەکاندا هاتە کایەوە, تەکنۆلۆجیای تازە بۆ خستنە ڕووی خزمەتگوزاری و ڕێکخستن و پاراستنی تۆمارە مێژووییەکان بەکاردەهێنرا. بۆیە لەم قۆناغەدا پێویستی دروستبوونی پسپۆڕ و ڕاهێنراوی ئەرشیفسازی هاتە کایەوە کە ڕۆڵیان بریتی بوو چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی هەردوو لایەنە فیزیکی و مەعریفیەکەی بەڵگەنامەکان و هەڵسەگاندنی نرخ و بەها هەمیشەییەکەی ئەو تۆمارانەی ئەرشیف دەکران. لەم ماوەیەدا, بەهۆی جوڵە و چالاکی حکومەت و ناوەندەکانی بەڕێوەبردن و ڕێکخراوەکانەوە ژمارەیەکی زۆر لە تۆمار و بەڵگەنامە ئەرشیفیەکان دەرکەوتن کە دەبوو لە لایەن کەسانی شارەزا و تایبەتمەندەوە هەڵسەنگانیان بۆ بکرێت. بۆ ئەم مەبەستە دوو قوتابخانە تایبەت بە ڕاهێنانکردن بە ئەرشیفسازان لە ساڵی (1821) دامەزرا, قوتابخانەی یەکەمیان لە پاریس بوو بە ناوی (Ecole Nationale des Charts), قوتابخانەی دووەمیش لە شاری میوشنی ئەڵمانیا بوو بە ناوی (Byerische Archivshule), ئامانجی سەرەکی هەردوو فێرگەکە بریتی بوو لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی نوخبەیەك ئەکادیمی شارەزا لە بەڕێوەبردن و مامەڵەکردن لەگەڵ تۆمارە ئەرشیفیەکان, درککردن بە بەهای سروشتە ئۆرگانیەکەی ئەو بەڵگەنامە زۆر و کەڵەکەبوانەی کە دەهاتە بەردەستیان[13]. هەر بۆیە ئەم گۆڕانکاریانە پێویستی بە دووبارە پێناسەکردنەوە و ناساندنی پرۆسەی ئەرشیفسازی هێنایە بەر باس, ماهیەت و هێزە سروشتیە شاراوەکەی بریتی بوو لە ڕێکخستنی زانیاریەکان و دیاریکردنی بەها پەروەردەییەکەی و ناساندنی وەك ئایکۆنێکی گرنگی فەرهەنگی، لە چوارچێوەی کاری ستانداردی سەردەمیانەی ئەرشیفسازە پرۆفیشناڵەکان بوو.

---

[11] Hohmann, J.P. An introduction to private sector fund raising for archives. Eds, Finch E. F. *Advocating archives: an introduction to public relations for archivists*. Scarecrow Press, 1994. P. 25
[12] Schellenberg, T. R. *Ibid*. p. 5
[13] Feather, J, and Paul S, eds. *International encyclopedia of information and library science*. Routledge, 2003. P. 24.

سەبارەت بە كوردستان مێژوویيەكی دوورو درێژی نییە لە ئەرشیفكردندا, لە سەدەی بیستەمدا ولاَتە پێشكەوتووەكانی جیهان گرنگییەكی زۆریان بە ئەرشیف داوە و سەرقاڵی كردنەوەی ناوەندی ئەرشیفی بوون, بەلاَم بۆ كوردستان بارودۆخەكە جیاواز بووە, چونكە لە دوای جەنگی جیهانی یەكەم كوردستان دابەشكرا بەسەر چوار ولاَتی عێراق و ئێران و توركیا و سوریادا, تاوەكو ئەمرۆش خاوەنی قەوارەی سەربەخۆ نییە، بۆیە ئەمەش هۆكارێكی دیار بووە كە وایكردووە كورد نەتوانێت پرۆسەی ئەرشیفكردن و دامەزراندنی دەزگا و ناوەندی هەبێت, سەرەڕای ئەوەش ئەو دەوڵەتانەی كە كوردیان بەسەردا دابەشبووە بەردەوام لە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی كورددا بوون, هەموو رێگەیەكی توندوتیژی و نایاساییان بەرامبەر بە كورد گرتۆتە بەر, ئەمەش وایكردووە كە كەسانی رۆشنبیر و چالاكیش لە ترسی ڕاوەدونان و كوشتن و ئەشكە نجەدان هەرچی نامە و دەستنووس و بەڵگەنامە هەبوو لە بەینیان بردووە, بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی تاكەكەسی لەو بوارەدا هەر هەبووە, عەبدولڕەقیب یوسف یەكێكە لەو كەسانەی كە چەندین هەوڵی گەورەی داوە بۆ كۆكردنەوەی بەڵگە و دۆكیۆمینتەكان و پاراستنیان، لەو بوارەشدا لە ساڵی 1985 دا كتێبێكی دەركرد بە ناوی (بانگەوازێك بۆ رووناكبیرانی كورد)، نووسەر لەم كتێبەدا زۆر پێداگری كردووە لەسەر گرنگییەكانی ئەرشیف لەڕووی فەرهەنگی و مێژووی و پێشكەوتنی نەتەوایەتییەوە، لێرەوە هەوڵدەدات سەرجەم رووناكبیران و نووسەران لە گرنگی و بایەخە گەورەكانی ئەرشیف ئاگادار بكاتەوە بۆ ئەوەی گرنگی بە پاراستنی بدەن، هەروەها نموونەی چەندین نامە و دەستنووسی گرنگی تایبەت بە كوردستان دێنێتەوە كە بە هۆی ناهۆشیارییەوە فەوتێنراون، چونكە كەسێك نەبووە بە بایەخەوە لێی بروانێت و خەمی هەڵگرتنی بخوات[14]، هەروەها نووسەر لەو كتێبەدا ئاماژە بەو هەوڵە زۆرانەی خۆی دەدات كەلە كۆكردنەوەی بەڵگەنامە و دۆكیۆمێنتەكاندا داوییەتی و بەشێك لەو بەڵگانەشی لە كتێبەكەیدا چاپ كردووە، دەكرێت ئەم كارانەی ناوبراو بە هەوڵی یەكەم دابنێن لە ڕووی كاری ئەرشیف و گرنگی دان بە ئەرشیفكردن لە كوردستاندا، دواتر لە سالاَنی نەوەدەكانی سەدەی رابردوو باردۆخەكە گۆرا لە كوردستاندا و راپەرینی ئاداری ساڵی 1991 خاڵێكی وەرچەرخان بوو لە مێژووی كوردا و كوردەكان دەست كراوەتر بوون بۆ گرنگی دان بە ئەرشیفی نەتەوەیی و كە دەكرا كاری لە پێشینەی پەرلەمان بووایە لە ڕووی یاساوە، ئەو ساتەوەختە ساتێكی زێرین بوو، چونكە بە سەدان و هەزاران بەڵگەنامە و دۆكیۆمێنت لە دام و دەزگاكانی حكومەتی عێراقدا بە جێمابوون كە بەشێكی هەرە گەورەیان تایبەت بوون بە كوردستان، كارێكی زۆر گەورە دەبوو ئەگەر ئەو بەڵگانە كۆبكرایانەتەوە و بپارێزرانایە، ئەوا خزمەتێكی گەورەی بە مێژووی كورد دەكرد، بەلاَم ئەو بەڵگانە هەمووی لەلایەن خەڵكی داخ لە دڵ و كەسانی ئاساییەوە لە نێو بران و تالاَنكران،[15] حكومەت و پەرلەمانی

---

[14] عبدالرقیب یوسف، بانگەوازێك بۆ روناكبیرانی كورد لە پێناوی كۆكردنەو و زیندوو كردنەوەی كەلە پووری كوردیدا، چاپخانەی كامەرانی، سلێمانی، 1985.

[15] چاوپێكەوتن لە گەڵ (رەفیق ساڵح)، سلێمانی، 2018/3/18. رەفیق ساڵح لە 1955/9/11 لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، دەرچووی كۆلێژی ئابووری و كاگێری، لە 6 ی مارتی 1978 وەكو معید لە كۆلێژی تەكنیكی موصل دامەزراوە، لە ساڵی 1982 بەكالۆریۆسی تەواو كردووە و بووە بە مامۆستای یاریدەدەر لە پەیمانگای تەكنیكی نەجەف، كە دواتر لە ساڵی 1989 گوێزراوەتەوە بۆ سلێمانی، تاكو ساڵی 2014 مامۆستا بووە. سێ توێژینەوەی لە بواری پسپۆری خۆیدا بلاَو كردۆتەوە و پتر لە سی وتاری لە بواری ئەرشیف و پەیوەندییە گشتی و كارگێرییەكاندا لە گۆڤارە زانستییە جیاوازەكاندا بلاَو كردۆتەوە، لە چەندین كۆنگرە و كۆنفرانسی زانستیدا لە بواری بوژانەوەی رۆژنامەی كوردیدا بەشدار بووە، هەروەها بە دەیان كتێبی بلاَو كردۆتەوە لە بواری رۆژنامەگەری كوردیدا. لە سەرەتای دامەزراندنی بنكەی ژینەوە لە ساڵی 2004 ەوە تا ئەمرۆ بەرێوەبەری بنكەی ژینە.

کوردستانیش هێندەی سەرقاڵی کێشەی سیاسیی بوون هێندە ئاوڕیان لە لایەنی فەرهەنگیی و رۆشنبیریی و مێژوویی نەداوە، بۆیە هەموو هەوڵەکان لە بواری ئەرشیفکردندا هەر لە ئاستی تاکەکەسیدا مانەوە، هەوڵی دووەمیش لە لایەن کۆمەڵێك کەسەوە بوو بە دەست پێشخەری مەحمودی مەلا عزەت داوای لە مام جەلال و کۆسرەت ڕەسول کردبوو کە ئەو کات بەرپرسی ئیدارەی سلێمانی بوو بۆ کردنەوەی ناوەندێکی ئەرشیفی لە شاری سلێمانی، مام جەلالیش رەزامەندی دەربڕییوو وە هەموو هاوکارییەکی بۆ تەرخان کردبوون، دواتر بە هاوکاری کۆمەڵێك کەس کە بریتی بوون لە( رەفیق ساڵح و فەرید ئەسەسەرد و نەوزاد عەلی ئەحمەد و کەمال رەئوف و جەمال عبدول و عبدالرقیب یوسف و صدیق ساڵح) ناوەندێك بە ناوی (ئەرشیفی نەتەوەی کوردستان)لە ساڵی 1998 لەشاری سلێمانی کرایەوە کە سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری بوو، ژمارەیەکی زۆر بەڵگەنامە و نوسراوەکانی فەرمانگەکانی سلێمانی و کۆیە و کفری کۆکرانەوە و هەوڵێکی زۆر درا بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و دەستنووسەکان، بەڵام تەمەنی ئەم ناوەندە زۆر کورت بوو هەر لە قۆناغی کۆکردنەوەی بەڵگەکاندا بوو کە بەرەو شکست هێنان ئەچوو چونکە وەزارەتی رۆشنبیری توانایەکی دارایی ئەوتۆی نەبوو بۆ پشتگیری کردنی پرۆژەکە و هەروەها نەبوونی کەسانی شارەزا و پسپۆر لە بواری ئەرشیفدا هۆکارێکی تر بوو، بۆیە دەزگاکە وردە وردە بەرەو پوکانەوە و لە ناوچوون چوو،[16] لە دوای ئەوە چەندین هەوڵی تری تاکەکەسی درا، بەڵام هیچیان سەرکەوتوو نەبوون، دواین جاریش بەدەست پێشخەری نەوشیروان مستەفا و ستران عەبدوڵا کە بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانی هەرێم بوو، هەوڵیاندا دەزگایەك بۆ ئەرشیف دابمەزرێنن، دواتر لە گەڵ کۆمەڵێك کەسدا بنکەی ژین دامەزرا، ئەم بنکەیە لە ساڵی 2004 لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی رۆشنبیرییەوە مۆڵەتی دامەزراندنی پێ درا، لە مارتی 2009 بنکەکە بە فەرمی کرایەوە،[17] ئەم بنکەیە چەندین بەشی جیاواز لە خۆدەگرێت, لەوانە چەند کتێبخانەیەکی گەورەی تێدایە کە ژمارەی کتێبەکانی تا کۆتای ساڵی 2017 چوارهەزار و سەد و چل و چوار کتێب بووە، ناوەندێکی تایبەت بە دەستنووسی تێدایە کە ژمارەی دەستنووسەکانی 487 بەرگ بە 705 نامە دەبێت و زۆربەیان بە زمانی عەرەبین، هەروەها یەکەیەکی تایبەت بە بەڵگەنامە هەیە ژمارەیەکی زۆر بەڵگەنامەی حکومی و رێکخراو و گروپە سیاسیە جیاوازەکان و پوول و مۆری تیادا کۆکراوەتەوە و سەرەڕای ئەوەش یەکەیەکی تایبەت بە وێنە و دەنگ و ڕەنگ لەم بنکەیەدا هەیە کە تەنها ژمارەی وێنەکان سێ سەد بۆ چوار سەد هەزار دەبن، بە پێی کەسایەتی و شوێنەکان پۆلێن کراون و لە گەڵ بوونی یەکەیەکی تایبەت بۆ چاوپێکەوتن،[18] هەروەها بنکەکە گۆڤارێکی ساڵانەی هەیە کە چەندین لێکۆلینەوەی زانستی و بابەتی مێژووی لە خۆ دەگرێت و تا ئێستاش هەشت ژمارەی لێدەرچووە، کەواتە دەتوانین بڵێن بنکەی ژین تاکە بنکەیە لە کوردستاندا کە رۆڵی ناوەندێکی ئەرشیفی بگێرێت، بەڵام سەرەڕای گرنگییە گەورەکەی ناتوانین بڵێن ئەم بنکەیە ناوەندێکی ئەرشیفی نەتەوەییە.

3- ئەزموونی وڵاتانی بەریتانیا و میسر لە ڕووی کاری ئەرشیفەوە

---

16 چاوپێکەوتن لە گەڵ (رەفیق ساڵح)

17 چاوپێکەوتن لە گەڵ (رەفیق ساڵح)

18 چاوپێکەوتن لە گەڵ (رەفیق ساڵح)

وولآتی بەریتانیا یەکێکە لەو ولآتانەی کە گرنگییەکی گەورە بە مێژوو و شارستانیەت دەدات. پاراستنی شوێنەوارەکان و هەڵگرتن و کۆکردنەوەی دەستنووس و دۆکیۆمێنت و بەڵگە و ئامرازە مێژووییەکان لەم ولآتەدا بایەخێکی زۆری پێدراوە، بۆیە ولآتی بەریتانیا پێش زۆرێك لە ولآتان کەوت لە کۆکردنەوەی بەڵگەکان و دامەزراندنی ناوەندێکی ئەرشیفی دەوڵەمەند. چەندین ناوەند و سەنتەری گەورەی ئەرشیفی لە سەرجەم شارو شارۆچکەکانی بەریتانیادا دروستکراون و دەرگایان کراوەیە بە ڕووی شارەزا و نووسەر و توێژەراندا، لەلای حکومەت و هاوولآتیانیش بە چاوێکی پڕ بایەخەوە تەماشا دەکرێت.

سەرەتای مێژووی دروست بوونی ناوەندی ئەرشیفی لە بەریتانیا ئەگەرێتەوە بۆ ساڵی (1838)، ئەوەش دوای ئەوە دێت کە حکومەتی بەریتانیا یاسایەکی دەرکرد تیایدا بڕیار درا بە کۆکردنەوەی سەرجەم بەڵگە و دۆکیۆمێنتەکانی ولآتەکەی و پاراستنی لە شوێنێکی دیاریکراودا کە ناونرا (فەرمانگەی فایلە گشتییەکان -Public Record Office)، دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ (ئەرشیفی نیشتمانی- The National Archives)[19]. لەو کاتەدا ئەو بەڵگە و دۆکیۆمێنتانەی کە کۆ دەکرانەوە دابەش کرابوو بە سەر دوو بەشدا:

یەکەم. ئەرشیفی شارەکان و بەڵگەنامەکانی دەوڵەت.

دووەم. ئەوراق و دۆکیۆمێنتەکانی وەزارەت و دامەزراوە ئیدارییەکان.[20]

هەر بۆیە ئەرشیف لە ولآتی بەریتانیادا پایەیەکی تایبەتی خۆی هەیەو لە سەدەی نۆزدەوە تاکو ئەمرۆ سەدان ناوەندی هەمەجۆر دروستکراون و سەرجەم بەڵگە و دۆکیۆمێنتەکان پارێزراون، ئەم ئەرشیفانە تەنها شەڕ و کاروبارە سیاسییەکان لە خۆ ناگرێت، بەڵکو چەندین داتا و نامە و ئەوراقی گرنگ هەیە دەربارەی کاروباری بازرگانی و کۆمەلآیەتیی و تەنانەت وردەکاری تەواو لەم ئەرشیفانەدا دەدۆزریتەوە دەربارەی جۆر و بڕی ئەو خواردنانەی لەو ولآتەدا بە کارهێنراوە لە ماوەی دوو سەد ساڵدا.

بە پێی لیستێکی بلآوکراوەی ئەرشیفەکانی بەریتانیا لە ساڵی (2009) سەدو بیستو دوو ناوەندی ئەرشیفی نەتەوەییی و شەش سەدو پەنجاو چوار ناوەندی ئەرشیفی ناوخۆیی و سێ سەدو بیستو هەشت ناوەندی ئەرشیفی زانکۆیی و هەزارو دووسەد و بیستو چوار ناوەندی ئەرشیفی تایبەت و شەست و یەك ناوەندی ئەرشیفی بازرگانی لە سەرجەم شارو شارۆچکەکانی بەریتانیادا تۆمار کراون[21]. بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەرشیفی ولآتەکەیان زۆربەی دامەزراوە حکومی و تایبەتییەکان بەڵگە و دۆکیۆمێنتەکانیان دەخەنە ناوەندەکانی ئەرشیفەوە، بە پێی ئامارێکی ساڵی (1982) لەو ماوەیەدا هەزارو دووسەدو سی و یەك دامەزراوەی هەمەجۆر پەیوەندییان بە ناوەندەکانی ئەرشیفەوە کردووە بۆ ئەوەی دۆکیۆمێنتەکانیان پێشکەش بکەن.[22]

---

[19] الأرشيف مفهومه تاريخه أصنافه و إدارته، مدونة ابحاث، مارس 06, http://ab7aath.blogspot.com 2014/03/blog-post.html

[20] الأرشيف مفهومه تاريخه أصنافه و إدارته، م.س.

[21] Kitching, Christopher . “Archives and history in England since 1850.” *Making History*, 2008, www.history.ac.uk/makinghistory/resources/articles/history_and_archives.html#resources.

[22] Foster, J, Julia, S and Richard, S. *British Archives: A Guide to Archive Resources in the United Kingdom*. , ( London: Palgrave Macmillan, 2002).pp.3&4.

یەكێك لە گرنگترین ناوەندە ئەرشیفیەكان لە وڵاتی بەریتانیا، بریتیە لە ئەرشیفی نەتەوەیی لەندەن ( The National Archives of London ). ئەم ناوەندە یەكێكە لە گرنگترین و گەورەترین و یەكەمین ناوەندەكانی ئەرشیفی بەریتانیا, رۆژانە هەزاران تویژەر و شارەزا و خوێنەر روو لەم شوێنە دەكات بۆ كۆكردنەوە و لێكۆلینەوە لە بەڵگە و دۆكیۆمینتەكانی نێو ئەم ناوەندە، كە تەنها لە ساڵی ( 2009-2010 ) بیست ملیۆن سەردانی ئۆنلاین و نەوەد هەزار سەردان بۆ ژوورەكانی ئەرشیف هەبووە[23].

ئەرشیفی نەتەوەیی لەندەن پێكدێت لە بینایەكی گەورەی دڵگیر كە كەوتۆتە باشووری رۆژئاوای شاری لەندەنەوە لە ناوچەی (Kew, Richmond, Great London)، لەو سەردانانەی كە هەردوو تویژەر بۆ ئەم ناوەندە ئەنجامیان داوە تێبینی ئەوە كراوە كە ناوەندەكە دەكەوێتە شوێنێكی ئارام و دوور لە ژاوەژاوی ناوەراستی شارەوە، ئەو شوێنە هێندە بێ دەنگە كە بە كۆڵانەكاندا تێدەپەڕیت هەست بە ئارامی دەكرێت، بینای ئەرشیفی نەتەوەیی لەندەن هەموو مەرجەكانی سەلامەتی بۆ هاوڵاتیان تێدایە، وەك ( سكویریتی و ئەلێرت و ئاگر كوژێنەوە )، بەدەر لەوەش سكویریتی تەواو بۆ ئەرشیفەكان دابینكراوە بۆ رووبەڕوبونەوەی هەر حاڵەتێكی لەناكاو، لە سەرەتای باڵەخانەكە باخچەیەكی دڵڕفێن و ڕازاوە دابینكراوە بۆ حەوانەوەی ئەو كەسانەی دێن بۆ دیدەنی شوێنەكە،هەبوونی حەوزێكی سەرنجراكێشی پڕ لەباڵندەی ئاوی هەمەجۆر لە پێش باڵەخانەكە، وا دەكات مرۆڤ هەست بە ئارامی بكات، هەروەها لە نهۆمی زەمینی باڵەخانەكە كافتریایەكی گەورە بۆ خواردن و خواردنەوە تەرخانكراوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەو نهۆمەدا فرۆشگایەكی پەرتووك تایبەت بە ئامرازە تایبەتییەكانی ئەرشیف دابینكراوە، كەسێك ئارەزووی كڕینی ئەو جۆرە بابەتانەی هەبێت.

هەموو كەسێك دەتوانێت سەردانی ئەرشیفی نەتەوەیی لەندەن بكات، هەموو ئاسانكارییەكی تەواو كراوە، چوونە ژوورەوە لە رێگەی دروستكردنی كارتێكەوەیە كە وێنەیەكی خۆتی لی دەدریت و تەنها بە ( پێنج پاوەن ) بۆت دروستدەكرێت و ماوەی سێ ساڵ كاردەكات، پاشان ئەگەر ویستت بۆت نوێ دەكرێتەوە، لەم ناوەندەدا هەزاران بەڵگەنامە و دۆكیۆمێنت و نامەی دیپلۆماسی و كتێبی دەگمەن و نەخشەی وڵاتان و راپۆرت و دەستنووس و بڕیاری دادگاكان و وێنەی مێژوویی بە شێوەیەكی زۆر باش پارێزراون و تویژەران دەتوانن سوودی لێ وەربگرن. ژمارەی فایل و ئەو سندوقانەی بەڵگەكانیان تێیدا پارێزراوە خۆی دەدات لە دە ملیۆن و ژمارەی دەستنووس و گۆڤارە كۆن و كتێبەكان نزیكە شەست و پێنج هەزار دەبێت، لە گەڵ بوونی نزیكەی سەدو پەنجاهەزار مایكرۆفیلم،[24] لەم ناوەندەدا شەش سەد و حەفتا و نۆ كارمەند كار دەكەن، كە بودجەی تەنها ساڵی(2009-2010)ی چوارسەدو سیونۆ ملیۆن پاوەن بووە.[25]

---

[23] UK Stationery Office. *Annual Report and Resource Accounts of the National Archives 2009-10: Including the Annual Report of the Advisory Council on National Records and Archives 2009-2010*. Vol. 95. Stationery Office/Tso, 2010. (https://www.gov.uk/government/publications/the-national-archives-annual-report-and-resource-accounts-2009-to-2010

[24] كەمال مەزهەر، كورد و كوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەكانی بەریتانیادا، ب2، چ2، ئا، عەبدوڵلا زەنگەنە، شەهلا تاهیر حەیدەری، لوبنان، گرین گلۆری .2009، ل39.

[25] UK Stationery Office. *Ibid*

دەرگای ئەم ئەرشیفە هەموو ڕۆژێك لە كاتژمێر نۆی بەیانییەوە تاكو پێنج بۆ شەشی ئێوارە كراوەیە، جگە لەڕۆژانی یەكشەمە و ڕۆژانی پشووی فەرمی، پسپۆڕ و توێژەران بە ویستی خۆیان دەتوانن سەردان بكەن بەبێ دیاریكردنی كاتی پێش وەخت. ئەو كەسانەی كە دەڕۆن بۆ سەیركردنی بەڵگە و دۆكیۆمینتەكان دەتوانن زیاتر لە فایلێك داوا بكەن، لە بۆكسیكی شووشەی تایبەت بەخۆیان بۆ دادەنرێت، ئەگەر ویستیان دەتوانن كۆپیەك لەو نووسراوە بگرنەوە كە دەیانەوێ یاخود بە كامێرای خۆت وێنەی دۆكێمینتەكان دەگریت، هەروەها بۆ ئاسانكاری بۆ كەسانی بێگانە لەم ناوەندەدا چوارسەدو چل فەرهەنگی جیاوازی هەموو وڵاتانی جیهانی تێدایە بۆ ئاسانكردنی كاری وەرگێڕان لە كاتی پێویستدا[26]، جگە لەوەی كە ژمارەیەكی زۆر كارمەند لەو شوێنەدان ئامادەن بۆ هەر هاوكارییەكی پێویست.

سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەت كوردستان، لەو ناوەندەدا نزیكەی پێنج هەزار و شەش سەد فایل كە دەكاتە نزیكەی سێ ملیۆن لاپەڕە تایبەتە بە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە گشتی[27]، لەو ژمارەیە بەشێكی گەورەی تایبەتە بە كوردستان و پەیوەندییەكانی كورد و بەریتانیایە، بەسەدان دۆكیۆمێنت دەبینرێت كە وردەكاری زۆر وردی تێیدایە دەربارەی ناوچەكانی كوردستان و خودی ژیانی كورد، ڕۆژانەی زۆربەی گەشتیارە بیانییەكان بۆ كوردستان لەو ئەرشیفانەدا دەستدەكەوێت، بە شێوەیەكی زۆر وردتریش ڕووداوەكانی جەنگی جیهانی یەكەم و دوای جەنگ و بارودۆخی كوردستان لەو كاتەدا لە نێو ئەم بەڵگانەدایە، گرنگیيە گەورەكەی ئەم دۆكیۆمێنت و بەڵگەنامانە لەوەدایە كە زۆربەی ئەم ئەرشیفانە نامەی دەستنووسن و لە لایەن دەسەڵاتدار و لێپسراوانی ئەو كاتی بەریتانیاوە نووسراون لە ناوچەكەدا. بۆیە بۆ لێكۆڵینەوە لە كوردستان و بارودۆخی كورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەم ئەرشیفی نەتەوەیی لەندەن باشترین شوێنە بۆ كۆكردنەوەی سەرچاوە یەكەمینەكان كە بە دەیان و سەدان نامەو نووسرا و و دەستنووس لەو بارەیەوە دەستدەكەوێت كە بە دەستی سەرپەرشتیار و نێردراوانی خودی بەریتانی نووسراون لەو كاتەدا، تەنانەت زانیاری ئەوەندە وردی تێدایە كە لە هیچ شوێنێكی كوردستاندا دەست ناكەوێت، بۆ نموونە لە چەندین نووسراودا ناوی چواری ئەندام و سەرۆك عەشیرەت و ژمارەی كوردانی ناوچە جیاوازەكانی كوردستان بە وردی نوسراون. بۆیە ئەرشیفەكانی نێو ئەم ناوەندە سەرچاوەی زۆر دەوڵەمەندن بۆ ئەو توێژەرانەی كە لە دەرەوە دەخوێنن و دەرفەتی سەردانیكردنی ئەم شوێنەیان دەبێت.

یەكێكی تر لە كۆنترین و دەوڵەمەندترین ئەرشیفەكانی جیهان، ئەرشیفی نەتەوەیی وڵاتی میسرە كە لە دوای ئەرشیفی وڵاتی فەرەنساوە دێت و بە یەكێك لە كۆنترین ئەرشیف دادەنرێت لە جیهاندا. كە مێژووەكەی ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی (موحەمەد عەلی پاشا) لە قاهیرە ساڵی( 1828) كاتێك بڕیاریدا ناوەندێك بە ناوی (Daftarkhana) (house of Documentation) (الدفتر خانة المصرية - دار المحفوظات بالقلعة) بكاتەوە، كە مەبەست لێی كۆكردنەوە و پاراستنی

---

[26] كەمال مەزهەر، س.پ، ل40.

[27] الوطني للوثائق: الأرشيف البريطاني بالمركز مصدر ثري للمهتمين بدراسة الخليج، جريدة الاتحاد، تاريخ النشر: الثلاثاء 30 أبريل 2013.
http://www.alittihad.ae/details.php?id=42225&y=2013

سەرجەم دۆكیۆمێنت و بەڵگەكانی ئەو كاتە بوون[28]. بەلاّم ئەم شوێنە وەكو خۆی نەماوەتەوە، بەڵكو لە دوای هاتنی هەر دەسەلاّتێك كۆمەڵێك گۆڕانكاری بە سەردا هاتووە، بۆ نموونە كاتێك (خدێوی اسماعیل) لە ماوەی (1863-1879) دەسەلاّتی گرتە دەست بڕیاری دا بە داخستنی سەرجەم لقەكانی ئەرشیفەكە و هەموو بەڵگە و دۆكیۆمینتەكانی گواستەوە بۆ قەلاّیەكی قاهیرە بێ ئەوەی كەس بتوانێت سوودی لی ببینێت[29]، هەموو ئەو نوسرا و دۆكیۆمێنتانەی لە ئەرشیفەكەدا هەبوون نووسەران و توێژەران و مێژوونووسان نەیان دەتوانی بە كاری بێنن وەكو سەرچاوە سوودیان لێ وەرنەدەگرت، بەلاّم كاتێك (فوئاد پاشا) لە ساڵی(1917) دەسەلاّتی گرتە دەست یەكێك لە كارەكانی ئەوە بوو كە رێگەی بە توێژەرو مێژوونووسان دا كە بەشێك لەو دۆكیۆمینتانە بە كار بێنن و خستیە خزمەتی ئەوانەوە[30]، دواتر لە دوای ساڵی(1952)ئەرشیفی نەتەوەی میسر دامەزرا لەتەنیشت مۆزەخانەی جەنگی قەلاّی قاهیرەوە[31]. كە تا ئەمرۆش یەكێكە لە ئەرشیفە دەوڵەمەندەكانی جیهان، ئەم ناوەندی ئەرشیفە بە هەزاران دۆكیۆمێنت و نووسراوی مێژووی تێدایە دەربارەی مێژووی ولاّتی میسر و ناوچەكە، هەروەها چەندین نامە و دەستنووس و بڕیاری خەلیفەكانی عوسمانی و میرەكانی ناوچەكەی تێدایە، نووسراوەكانی نێو ئەم ئەرشیفە چەندین زمانی هەمەچەشن لە خۆدەگرن، وەك زمانی توركی و عەرەبی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و ئیتاڵی،[32] لەم ئەرشیفەدا مێژووی هەزاران ساڵی رۆژهەلاّتی ناوەڕاست دەدۆزرێتەوە، بۆیە لێكۆڵینەوە لە هەر بابەتێكی مێژووی و شارستانی دەربارەی رۆژهەلاّتی ناوەراست، بە سەردانیكردن و بینین و بەكارهێنانی ئەرشیفی ئەم ولاّتە لێكۆڵینەوەیەكی دەوڵەمەند و بە بەها دەبێت.

مەبەست لە باسكردنی ئەزموونی ئەم دوو ولاّتە لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە كە ڕوونی بكەینەوە ئەرشیف لە ولاّتێكی پێشكەوتووی وەكو بەریتانیا چۆنە و لە هەمان كاتدا لە ولاّتێكی دێرین و خاوەن شارستانیەتی وەكو میسر چۆنە، ئێمە چۆن دەتوانین سوود لەئەزموونی چەند ساڵەی ئەوان وەربگرین، ئەزموون و مێژووی ئەوان بكەین بە سەرەتایەك بۆ بنیاتنانی ناوەندی ئەرشیفی لە گەرمیان، لە كۆمەڵێك لایەنەوە ئێمە ئەتوانین سوود لە ئەزموونی ئەم ولاّتانە وەربگرین:

یەكەم: دەتوانرێت سوود لە شێوازەكانی ئەرشیف كردنی ئەو ولاّتانە وەربگیرێت و لەو رێگەیەوە وردتر و زانستیانە تر مامەڵە لە گەڵ دۆكیۆمێنت و بەڵگەكاندا بكرێت، بۆ نموونە دەكرێت ستافێكی چەند كەسی سەردانی هەردوو وولاّت بكەن بۆ بینین و فێر بوونی ئەزموونی ئەوان.

---

[28] Hoskins, H. L. "Some Recent Works on Mohamed Ali and Modern Egypt." *Journal of Modern History*. Vol. IV (March 1932): pp. 93-95.

[29] *The Writing of History in Nineteenth-Century Egypt*. Cairo: American University in Cairo Press, 1984.

[30] Marsot, A. L. "Egyptian Historical Research and Writing on Egypt in the Twentieth Century," *Middle East Studies Association Bulletin*. Vol. VII/ No. 2 (May 1973): p.4.

[31] الأرشيف مفهومه تاريخه أصنافه و إدارته، م.س

[32] Marsot, A. L., *Ibid*. p.6.

دووەم: دەكرێت لە رێگەی ناردنی چەند كەسێكی شارەزا و پسپۆڕەوە كۆپییەك لە ئەرشیف و بەڵگەكانی تایبەت بە مەسەلەی كورد لەبەریتانیا بگەرێنرێتەوەو بخرێتە بەر دیدی توێژەران و لێكۆڵەرەوان، بۆ ئەو كەسانەی كە دەستیان بەم دۆكیۆمێنتانە ناگات  لە نێو ئەرشیفی بەریتانیادا ئەتوانن لێرەوە سوود لە بەڵگەكان وەربگرن و بیكەن بە سەرچاوەی یەكەمی توێژینەوەكانیان، بۆیە هێنانەوەی ئەرشیفەكانی تایبەت بە كورد خزمەتێكی گەورە دەبێت بە توێژەران و پەرەپێدانی ئاستی زانستی توێژینەوەكان.

4- پێویستیەكان و چۆنیەتی دامەزراندنی ناوەندی ئەرشیفی:

ئەرشیفسازی و دامەزراندنی ناوەندی ئەرشیفی پێویستیەكی سەردەمیانەیە و گەورەترە لەوەی كە تەنها وەك مێتافۆرێكی سادە بیری لێبكرێتەوە. ئەو بەڵگەنامە و پاشماوە شوێنەواریانەی كە كۆدەكرێنەوە و دەپارێزرێن سەرچاوەیەكی شارستانی گرنگن و سودی گشتی بە تاكەكانی كۆمەڵگە دەگەیەنێت. هەر بۆیە, بەرەوپێشبردن و گرنگیدان بە كاری ئەرشیفكردن و پارێزگاریكردن لە مۆنۆمێنت و یادەوەریەكانی ڕابردووپێوەرێكە بۆ دیاری كردنی ئاستی شارستانی بوون لای هەر نەتەوەیەك. پارێزگاری كردن لەم كەلەپورە نەتەوەییە لە هەر كۆمەڵگەیەكی نوێخواز و خاوەن شارستانیەتدا, ئەركی سروشتی و لە پێشینەی حكومەت و دامودەزگاكانیەتی[33].

لەبەر ئەو بەها مێژووییە گرنگەی كە هەیەتی دەبێت بە وورياییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕێكارەكانی دامەزراندنی ناوەندی ئەرشیفیدا بكرێت و بە بڕوای ( لێلاند Leland ) لە سەرەكیترین پێداویستیەكانی دامەزراندنی ناوەندی ئەرشیفی نەتەوەیی, هەڵبژاردنی باشترین بینا و شوێنی گونجاوە, دەبێت لە نێو بیناكەدا ڕەچاوی نەخشەسازیەكی لەبار بكرێت كە بگونجێت لەگەڵ پێداویستیەكانی ئەرشیفسازیدا و تەنها بۆ مەبەستی ئەرشیفكردن دروستكرابێت, لەگەڵ هیچ دامودەزگایەكی تردا هاوبەشی پێنەكرێت. هەروەها پێداویستیە سەرەتاییەكان لە ناو بیناكەدا جێكرابێتەوە وەك ژووری تایبەت بە كاری توێژینەوە و هۆڵی سیمینار و كۆنفرانس و هۆڵی جیاواز بۆ هەڵگرتن و پیشاندانی بەڵگەنامە و پاشماوە ئەرشیفیە جۆراوجۆرەكان, هەروەها بواری فراوانكردن و زیادكردنی بینای نوێ هەبێت لە ئایندەدا[٣٤]. لەبەر ئەوە, ئەوانەی بەرپرسیارێتی پاراستنی مێژوو و كەلەپوری نەتەوەییان لە ئەستۆدایە بۆ ئەوەی بە باشی بیگەیەننە دەستی نەوەكانی داهاتوو دەبێت بەڵگەنامەكان لە باشترین جێگادا ئەرشیف بكەن و پێوەرە ستانداردیەكان بۆ پاراستن و ئاسایشی بەڵگەنامە مێژووییەكان جێبەجێ بكەن بۆ دڵنیا بوون لە بە زیندوو هێشتنەوەیان. ئەگەر بینا و ستراكچەرێكی هاوشێوەی سەرەوە نەتوانرا دابین بكرێت, ئەوا دەتوانرێت لەگەڵ ئەو دامودەزگایانەی تردا هاوبەشی پێبكرێت و كارەكانیان لە بینایەكی هابەشدا ئەنجام بدەن كا ئامانج و مەبەستی هاوبەشیان

[33] Foote, K. "To remember and forget: Archives, memory, and culture." *The American Archivist* 53, no. 3 (1990): P. 392

[34] Leland, W. G. "The National Archives: A Programme." *The American Historical Review* 18, no. 1 (1912): 1-28.

هەیە وەکو مۆزەخانە و کتێبخانە. لەم حاڵەتەدا, سودێکی زۆر بە توێژەران و لێکۆڵەرەوان دەگەیەنێت ئەگەر پەیوەندی لە نێوان هەرسێ دەزگاکەدا دروست بکرێت و کاری پێکەوەیی و هاوبەش ئە نجام بدەن[35].

بە بڕوای (ڕۆودس Rhoads) هەرچەندە ئەگەر بیناکە بە مەبەستی ئەرشیفکردن دروستکرابێت یاخود هەر بینایەکی تر بێت و ئەرشیفی تێدا بکرێت دەبێت پێداویستیە سەرەتاییەکانی تێدا فەراهەم کرابێت بە مەبەستی دڵنیابوون لە سەلامەتی بوون و پاراستنی کەرەستە ئەرشیفکراوەکان لەوانە:

1- دەبێت بیناکە بەهێز بێت و بەرگەی لەرزین و هەر جۆرە ڕووداوێکی سروشتی بگرێت.
2- سیستمێکی ئاسایشی تۆکمە جێگیر بکرێت بۆ پاراستنی تۆمارە ئەرشیفیەکان لە دزین و هەر زەرەر و زیانێك: دەبێت دەرگای سەرەکی لە کانزای بەهێزی ئیستیلی دروست بکرێت کە بە ئاسانی نەشکێت, ژوورەکان بە کامێرای چاودێری بپارێزرێت و سیستمێکی زەنگی ورياکردنەوە جێگیر بکرێت.
3- دەبێت پلەی گەرمی ژوورەکان جێگیر بکرێت, چونکە هەر بەرزیی و نزمیەك لە پلەکانی گەرمی کاریگەری لەسەر تۆمارە ئەرشیفیەکان دەبێت و تەمەنی مانەوەیان کورتتر دەبێتەوە, هاوکات, دەبێت پارێزگاری بکرێت لە پیسبوونی ژینگەی ناو ژوورەکان و ڕێگری بکرێت لە هاتنە ژوورەوەی تەپوتۆز, هەروەها باشترە ئەگەر مادەی کانزایی ئیستیل بەکار بهێنرێت لە دروست کردنی ڕەفەی هەڵگرتنی تۆمارەکان.
4- سیستمێکی زەنگی ورياکردنەوە (Fire alarm) جێگیر بکرێت بۆ ئاگادارکردنەوە لە بوونی دووکەڵ و ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە لە بیناکەدا[36].

لە پێویستیە هەنوکەیی و گرنگەکانی کاری ئەرشیفکردن بریتیە لە ئامادەکردنی ستافێکی شارەزا و ڕاهێنراو لەسەر چۆنیەتی بەرەنگاربونەوەی ڕووداوە لە ناکاوەکانی وەك ئاگرکەوتنەوە و هەر ڕووداوێکی سروشتی کە زەرەر و زیان بە بەڵگەنامەکان دەگەیەنێت. لە هەمان کاتدا, ئەرشیفسازەکان دەبێ ڕاهێنانیان پێکرابێت و بە تەواوی شارەزاییان لەسەر تایبەتمەندیە فیزیکی و کیمیاییەکانی بەڵگەنامە کاغەزی و تۆمارە ڤیدیۆیی و دەنگیەکان و وێنەکان هەبێت بە مەبەستی پاراستنیان لە لەناوچوون بەهۆی کاریگەرییە ژینگەییەکان لەسەریان. بۆ نمونە, هەندێك لە تۆمارکراوەکانی وەك تۆمارە ڤیدیۆیی و دەنگییەکانی سەر دیسك و ئامێرەکانی تۆمارکردن بەهۆی ساردی شوێنی هەڵگرتن و بەرزی ڕادەی شێ و تەزووی موگناتیسیەوە تێکدەچن و خراپ دەبن, دەبێت لە ژینگەیەکی گونجاو و جێگیردا هەڵبگیرێن[37]. تۆمارە کاغەزیەکانیش ڕێژەیەك لە مادەی ئەسیدی (Acids)یان تێدایە بەهۆی بەرزی ڕادەی شێ و تەڕبوونەوە تێك دەچن و لەناو دەچن, بۆ پاراستن و درێژکردنەوەی

[35] Duff, W. M., and Verne, H. "Stories and names: archival description as narrating records and constructing meanings." *Archival Science* 2, no. 3-4 (2002): P. 279.
[36] Rhoads, J. B. "The Role of Archives and Records Management in National Information Systems: A RAMP Study." Paris (1983). P. 13.
[37] Conway, Paul. "Archival quality and long-term preservation: a research framework for validating the usefulness of digital surrogates." *Archival Science* 11.3-4 (2011): 297-299.

تەمەنی تۆمارەکان دەتوانرێت یەکێك لە ڕێگە دیار و بەسودەکان بەکاربهێنرێت ئەویش ڕێگەی (Lamination)ە کە تۆمارەکان لە دووتوێی مادەیەکی تەنکی پلاستیکی (نایلۆن) دادەنرێت و پەستانی دەخرێتە سەر تاکو کاغەز و نایلۆنەکە پێکەوە دەنوسێن و پاشان لە نێو فۆڵدەرێکی دۆسیە کە بە تەواوی خاڵی بێت لە مادەی ئەسیدی، پاشان پرۆسەی ئندیکسکردن و کۆدکردنی فایلەکان دەست پێدەکات و کەتەلۆگ و ڕیفرێنسیان بۆ دادەنرێت تاکو بە ئاسانی لە کاتی پێویستدا بەکار بهێنرێن، پاشان لەسەر ڕەفە تایبە تمەندەکان هەڵدەگیرێن[38].

5- بایەخ و گرنگی دامەزراندنی ناوەندی ئەرشیفی لە ناوچەی گەرمیان:

دامەزراندنی ناوەندی ئەرشیفی لە ناوچەی گەرمیاندا ڕێگایەکە بۆ پاراستنی تەواوی بەڵگەنامە و چالاکیەکانی حکومەت و دام و دەزگا ئیداری و ڕێکخراوە نا حکومیەکان لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا، کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە ئەنجامدانی توێژینەوە لە ناوچەکەدا. ئەم بەڵگەنامانە دەبنە سەرچاوەی زانیاری بەسود بۆ توێژەران لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەکو ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و شوناسی نەتەوەیی. هەروەها، بە پشت بەستن بە تۆمارەکان، دەتوانرێت لە ئەزمون و سیستمی حکومڕانی لە ڕابردوودا بکۆڵینەوە و سەرکەوتن و خاڵە بەهێزەکان و نشوست و خاڵە لاوازەکانی حکومڕانی دیاری بکەین و چارەسەر بۆ گرفت و ئاستەنگیەکانی ئێستا بدۆزرێتەوە کە لێکچونیان لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕابردوودا هەیە و لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەوە ستراتیجی کاری ئایندە دابڕێژرێت.

ئەرشیف و کۆکردنەوەی یادەوەرییەکانی ڕابردوو بەشداریەکی کارا و زیندووی هەیە لە پێشخستنی بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ناسنامەی نەتەوەیی. لەبەر ئەوە دامەزراندنی ناوەندێکی ئەرشیفی مۆدێرن لە گەرمیاندا پێویستیەکی سەردەمیانەیە، چونکە ناوچەکە خاوەنی مێژوویەکی دێرینە لە دامودەزگای ئیداری و بزاوتی سیاسی و کۆمەلایەتی، بەلام بەهۆی نەبوونی ناوەندێکی ئەرشیفیەوە لە ناوچەکە بەشێکی زۆر لە بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتی بەنرخ لە ناوچوون و ئەوانەشی کە ماونەتەوە لە دەستی خێزان و کەسانێکدان کە ناگات بە دەستی توێژەران و گرنگیەکانیان بە شاراوەیی ماوەتەوە. لە خوارەوە چەند سود و کاریگەریەکی دامەزراندنی ناوەندی ئەرشیفی لە ناوچەی گەرمیان دەخەینە ڕوو کە سودی گشتی بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت:

5.1- ڕۆڵی ئەرشیفسازی لە بەرەوپێشبردنی فەرهەنگ و ناسنامەی نەتەوەییدا:

مێژووی ڕاستەقینەی هەر دەوڵەت و نەتەوەیەك پەیوەستە بە ئاستی ڕۆشنبیری تاك و نەتەوەکەیەوە لە گرنگیدان بە پاراستنی تۆمارە مێژووییەکانی دامودەزگا ئیداری و ئابوری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکانیەوە، هیچ نەتەوەیەك ناتوانێت ببێتە خاوەنی مێژوویەکی تۆکمە و بەرەو پێشی ببات تاکو بەڵگەنامە مێژوویی و داتا گشتیەکان کۆ نەکاتەوە و نەیان پارێزێت و

---

[38] Evans, F. B., et al. "A basic glossary for archivists, manuscript curators, and records managers." *The American Archivist* 37.3 (1974): 415-433.

بەشێوەیەکی سیستماتیکی لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکات. لەبەر ئەوە هێز و پێگەی سیاسی و مێژوویی و شوناسی هەر نەتەوەیەك بەندە بە توانای بەکارهێنان و شیکردنەوەی ئەرشیف و بەڵگەنامە کۆمەڵایەتی و فیکری و ئابوری و ڕۆشنبیری و و مێژووییەکانیەوە, کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە نوسینەوەی مێژووی نەتەوەیی و فۆرمۆلەکردنی ناسنامەی نەتەوەیی[39].

بەڵگەنامەی مێژوویی و سەنەدی ئەرشیفی بە ئامرازێکی سەرەکی و بنەڕەتی توێژینەوەکانی مێژوونوسان دادەنرێت و لە دیدی مێژوونوسەوە نەك تەنها دەرخەری گەشە و چالاکیەکانی دەوڵەتە, بەڵکو پەرەسەندن و کامڵبونی نەتەوەیش نیشان دەدات, بۆیە بەڵگەنامە مێژووییەکان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕێت لە بەها بەخشین بە لیکۆڵینەوە و توێژینەوەکان[40]. ڕووداوە مێژووییەکانی کوردستان بە گشتی و ناوچەی گەرمیان بە تایبەتی لە ماوەی حکومڕانی دەسەڵاتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق و ململانێی زلهێزەکان لە ناوچەکەدا گە نجینەیەك لە تۆمار و بەڵگەنامەی مێژووییان بەجێهێشتووە. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆر لەو خەباتەی مێژوونوسانی کورد بۆ نوسینەوەی مێژوو کردویانە ئاوڕدانەوە بووە لە مێژووی سیاسی و سەربازی و ڕۆڵ و ژیانی سەرکردەکان, مێژووی دوروودرێژی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و بارودۆخی ئابوری و ڕۆشنبیری پەراوێزخراوە و گرنگی بە لایەنی فکری و کلتوری و ئەدەبی نەدراوە کە بەشێکی گرنگ و دانەبڕاون لە ناسنامەی نەتەوەییمان. ئەگەر ئەم تۆمارانە کۆبکرێنەوە و ڕێکبخرێن دەبنە سەرچاوەی سەرەکی لەسەر ئاشنابوون بە ڕەسەنیەت و مێژووی ناوچەکە, سەرکەوتن و شکستی فەرمانڕواکان, بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و فکری و ئاینی ناوچەکە, ڕێکەوتننامە و پەیوەندیە نەتەوەییەکان و نەهامەتی و ئازارەکانی خەڵکی بەدەست ڕژێمە جۆراوجۆرەکانەوە کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە ناساندن و بەرەوپێشبردنی شوناسی نەتەوەیی, ئەگەر لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی نیشتیمانیدا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

لە دونیای مۆدێرندا, یەکێك لە ڕەگەزە دیارەکانی کاری مێژوونوسی بریتیە لە مێژووی زارەکی, کە بەشداریەکی کارای هەیە لە نوسینەوەی مێژوودا و جێگەی بایەخی مێژوونوسانە. هەروەها یەکێك لە ئامانج و هەوڵە دیارەکانی ئەرشیفی نەتەوەیی مۆدێرن, پاراستن و بە زیندوو هێشتنەوەی ئەم ڕەگەزەی مێژوونوسییە[41]. ئەو گفتوگۆ و چاوپێکەوتن و دیدارە مەیدانیانە کە ئە نجام دەدرێت ڕۆڵی کارا دەبینێت لە بەزیندوو هێشتنەوە و پاراستنی یادەوەریەکانی کۆمەڵگە, بەڵام ئەم جۆرە لە گرنگیدان بە زیندووکردنەوەی ڕاستیە مێژووییەکان لای مێژوونوسانی کورد فەرامۆشکراوە, چ لە ناوەندە ئەکادیمیەکان و چ لە ڕەوتە گشتیەکەی مێژوونوسیندا گرنگی پێنەدراوە. هەر بۆیە بەشێکی زۆر لە کارەکتەر و بەشداربوەکانی نێو ڕووداوەکان ( جینۆساید, ئەنفال و پرسی بە عەرەبکردن بۆ نمونە ) بەهۆی هەڵکشانی تەمەنیان و نەخۆشینەوە مردوون و بەشێك لە دیوە ڕاستەقینەکەی ڕووداوەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بردووە, پێدەچێت لە چەند دەیەی داهاتوودا ئەو نەوەیەی کە ڕووداوەکانیان بینیوە و ئازارەکانیان چەشتووە بە تەواوی لە ناوبچن و نەوەکانی داهاتوو بە ڕادەی پێویست ئاگاداری ئەم پرسە نیشتیمانی و

[39] Karabinos, M. "The Role of National Archives in the Creation of National Master Narratives in Southeast Asia." *Journal of Contemporary Archival Studies* 2.1 (2015): 4-5.

[40] سیما, شارقی. م.ص. ص 96

[41] Berger, S. *Ibid.* p. 7.

نەتەوەییانە نەبن. لە فاکتەرە دیارەکانی پێویستی دامەزراندنی ناوەندی ئەرشیفی لە ناوچەکەدا, گرنگیدانە بە تۆمارکردن و بە زیندوو هێشتنەوەی ئەم مێژووە لە ڕێگەی تۆماری دەنگی و ڤیدیۆییەوە بە دواندنی ڕاستەوخۆی بەشداربوان و زیان لێکەوتانی پرسە جیاوازەکان. سەرەنجام, یادەوەریەکان ئەرشیف دەکرێن بۆ نەوەکانی داهاتوو و دەبنە سەرچاوەیەکی کاریگەر و بەنرخی فەرهەنگی و پەروەردەیی و مێژوویی, دەتوانرێت لە پرۆسێسکردن و پێشخستنی پرسی ناسنامەی نەتەوایەتیدا بەکار بهێنرێت لە داهاتوودا, ئەمە جگە لەوەش, یارمەتیدەرێکی گرنگ و بە بەهایە بۆ کۆمەڵگە و نەوەکانی داهاتوو بۆ تێگەیشتن لە ناسنامەی خۆی و پێگە و مێژووکەی لە نێو نەتەوەکانی جیهاندا[42].

5.2- پرسی ئەرشیفسازی و پەیوەندی بە بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایتی کۆمەڵگەوە:

ڕوانگەی مێژوو بۆ ڕابردوو یەکێکە لە پێویستیەکانی ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە حاڵەتی گەشەکردندان, تا لە ڕێی ناسینی کەلەپور و دەستکەوتەکانی پێشینانەوە ڕێگە بۆ گۆڕانکاری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بکەنەوە, لەم ڕوانگەیەوە بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتی مێژوویی هەر تەنها ئامرازی تێگەیشتن لە مێژوو و ناسینی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئیداری و زانستیەکانی نەتەوە نیە, هەروەها ئامرازی ئاسانکاری و پێشکەوتنە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوری[43]. لە سودە دیار و هەنوکوییەکانی گرنگیدان بە ئەرشیفکردنی بەڵگەنامە و تۆمارە مێژووییەکان بریتیە لە کۆکردنەوەی ئەو سەرچاوانەی کە ڕۆڵ دەبینن لە پێشخستنی ژێرخانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری کۆمەڵگە, چونکە ناوەڕۆك و پێکهاتەی تۆمارەکانی ڕابردوو یارمەتیدەرە بۆ درککردن و ئاشنابوون بە سیاسەت و ستراتیجی حکومڕانی لە ڕابردوودا, بەمەش دەبێتە پردی پەیوەندی لە نێوان ڕابردوو و ئێستا و بە یەکگەیاندنی ئاراستەکانی سیاسەتی بەڕێوەبردن لە ئێستا و ڕابردوودا, سەرەنجام, کاریگەری گەورەیان دەبێت لە داڕشتنی پلان و گرتنەبەری ڕێگای گونجاو بە مەبەستی بەرەو پێشبردنی بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی[44].

بێگومان, ئەجێندای کاری هەموو دەسەڵاتێکی بەڕێوەبردن هەنگاونانە بە ئاراستەی پێشکەوتن و بڕینی بەربەست و ئاستەنگەکانی بەردەمی و فەراهەم کردن و پێشکەشکرنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان بە کۆمەڵگە. بۆ ئەم مەبەستە, ئەرشیف و تۆمارە مێژووییەکان سەرچاوەی زانیاریەکانن لەسەر کار و سیاسەت و ستراتیجی بەڕێوەبردن و مامەڵەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە ڕووبەڕوبونەوەی ئاستەنگەکان و بەرەوپێشبردنی کەرتە ئابوری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکان, لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیەوە دەتوانین لە فەلسەفەی بەڕێوەبردن و پرنسیپ و ڕێکارەکانی بەرەوپێشبردنی ئەم کەرتانەوە لە ڕابردوو ڕا بمێنێین. سەرەنجام, دەبێتە ئاراستەکەری ستراتیجێکی مۆدێرن لە ڕێگەی داڕشتنی پلانێکی سەردەمیانە

---

[42] Rhoads, J.B. *Ibid. p. 23*

[43] سیما شارقی. م.ص. ص 96

[44] Bearman, D. "Archives and manuscript control with bibliographic utilities: Challenges and opportunities." *The American Archivist* 52.1 (1989): P. 35.

بۆ باشتركردنی ئێستامان و بەرچاوڕوونی ئاینده, چونكه بەڵگەنامەكان پێوەرێكن بۆ دیاریكردن و پێوانەكردنی هەموو حكومەت و دامودەزگایەك لە هەڵهێنانی هەنگاوەكانی پێشكەوتن و ئەنجامدانی گۆڕانكاری سەردەمیانە لە بوارە جۆراوجۆرەكاندا[45].

لێكۆڵینەوە لە تایبەتمەندیەكانی كۆمەڵگە و ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لە بوارە جیاوازەكاندا پێویستی بە داتا و زانیاری جۆری هەیە. ڕۆڵی ناوەندی ئەرشیفی بریتیە لە كۆكردنەوەی ئامار و زانیاریەكان لە ڕێگەی دروستكردنی داتا بەیسێكی ساڵانەوە, پاشان پەیوەندی لەگەڵ سەرجەم دامودەزگاكان دەبەستێت تاكو داتا و زانیاریەكانیان لە ناوەندە ئەرشیفیەكەدا ئەرشیف بكەن. توێژەر لە كەمترین ماوەدا دەتوانێت زانیاریە پێویستیەكانی بە دەست بگات لە بوارە جۆراوجۆرەكانی وەك (كەرتی پیشەسازی و بازرگانی, كەرتی كشتوكاڵ, ژینگە و كەشوهەوا, خزمەتگوزاریە تەندروستیەكان, ڕێژەی مردن و لەدایك بوون, ڕەوشی كۆمەڵایەتی (هاوسەرگیری و جیابونەوە) و ڕێژەی تاوان و بارودۆخی دادگاكان), ئەمانە ئەو زانیاریانەن كە هەموو توێژەرێك بۆ ئاگادار بوون لە بارودۆخی كۆمەڵگە پێویستی دەبێت و لەبەر ڕۆشنای ئەم زانیاریانەوە دەتوانێت پێشنیار و ڕسپاردەی خۆی لەسەر چۆنیەتی بەرەوپێشبردن و بوژاندنەوەی بارودۆخی ئابوری و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی كۆمەڵگە گەلاڵە بكات.

سەرباری هەوڵە تاكەكەسی و ڕێكخراوە نا حكومیەكان بۆ دامەزراندنی بنكەی ئەرشیفی, بەلآم ئەرشیفسازی نەبووە بە جێگەی بایەخی لایەنە حكومیە پەیوەندیدارەكان و هەوڵی جدی بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی نەدراوە تا لە ڕێگەی دامودەزگا بەرپرسیارەكانەوە ڕۆحی نەتەوەیی ببوژێتەوە. لەبەر ئەوە, نەبونی ناوەندێكی ئەرشیفی نەتەوەیی كارا بۆ كۆكردنەوەی میراتی مێژووی كورد ئاستەنگی بۆ توێژەران دروست كردووە لە ئەنجامدانی توێژینەوە و لێكۆڵینەوەی زانستی لە بوارە جۆراوجۆرەكاندا چونكە زانیاری پێویست لەبەردەستدا نیە, لەبەر ئەوە توێژەران ناچار دەبن لە ڕێگەی ڕا پرسی و بەدواداچونی مەیدانیەوە زانیاریەكان كۆبكەنەوە كە پێویستی بە كاتێكی زۆر و تێچوونێكی زۆرە, زۆرجاریش لەوانەیە زانیاریەكان بە دروستی و تەواوی نەگاتە دەستیان و ئەمەش ڕووبەڕوی دەرەنجامی ناڕاستیان دەكاتەوە. بۆ دەربازبوون لەم كێشە و ئاستەگانە دامەزراندنی ناوەندێكی ئەرشیفی پێویستیەكی هەنوكەیی و سەردەمیە.

**دەرئەنجام:**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بەو دەرەنجامەی ئەرشیف لە زۆربەی وڵاتانی پێشكەوتووی دونیا پێگەیەكی گەورە و سامانێكی دەوڵەمەندە و بایەخی زۆری پێدراوە، بۆ نموونە لە وڵاتێكی وەك بەریتانیادا ئەرشیف لە ئاستێكی زۆر پێشكەوتوودایە و گرنگییەكی بەرچاوی پێدەدرێت،توێژەران و لێكۆڵەرەوان زۆر بە ئاسانی دەستیان پێ دەگات، سەرجەم دۆكیۆمێنت و بەڵگە و نامە و دەستنووسەكان وەكو خۆیان پارێزراون، بۆیە ئەرشیفەكانی بەریتانیا ئاستێكی بەرزی زانستی بە

[45] Caio, G. The Importance of Corporate Archives to Economic and Business History: A Case Study. Society of American Archivists: 59, No. 3, 2012: P4-5

لێكۆلینەوە و توێژینەوەكانی ئەو وڵاتە داوە، لە سەرجەم بوارە جیاجیاكانی ئابووریی و كۆمەڵایەتیی و سیاسیی و مێژووییەوە، ئەمەش وای كردووە ساڵانە چەندین داهێنان و بەرهەمی نوێ لە زانكۆكانی ئەو وڵاتە بێتە بەرهەم.

لە ناوچەكەشدا وڵاتی میسر یەكێكە لە وڵاتە دەوڵەمەندەكان لە ڕووی ئەرشیفەوە و مێژووییەكی دێرینی هەیە لە ناوچەكەدا، هەرچەند بە بەراود بە ئەرشیفی بەریتانیا پێشكەوتوو نیە، بەڵام دەكرێت بڵێن لە ناوچەكەدا دەوڵەمەندترینە و گرنگییەكی گەورەی ئابووریی و فەرهەنگیی و ڕۆشنبیریی داوە بە وڵاتەكە،

بە بەراورد بەم وڵاتانە ئەرشیف لە كوردستاندا لە ئاستێكی زۆر خراپدایە و لە ئەنجامی ئەم توێژینەوە بەراوردكارییە و سەردانیكردنمان بۆ بنكە و ناوەندەكانی كوردستان ڕوون بووەوە كە ئەرشیف لە كوردستاندا لە ئاستێكی زۆر نزمدایەو تا ئێستاش نەبووەتە بنەمای كاری حكومەت و كاری جددی بۆ نەكراوە، هۆكار زۆرن بۆ ئەم دۆخەی ئەرشیف لە كوردستاندا یەكێك لە گرنگترین هۆكارەكان بی باكی و گرنگی نەدانی سەرانی حكومەتی كوردستانە كە كاركردن و كۆكردنەوەی ئەرشیفەكان نەبووەتە ئەجێندای كارەكانیان، راستە نەبوونی دەوڵەت یەكێك بووە لە رێگرییە سەرەكییەكانی بەردەم كۆكردنەوەی ئەرشیفەكانی كوردستان، بەڵام لە هەمان كاتدا لە دوای راپەرینی ساڵی 1991 یشەوە سەرانی حكومەت ئەوەندەی سەرقاڵی كاری سیاسیی بوون ئەوەندە گرنگیان بە لایەنی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و مێژوویی نەداوە و كاریان بۆ نەكردووە. بۆیە تاكو ئەمرۆش هیچ ناوەندێكی ئەرشیفی كە بنەما و مەرج و پێداویستییەكانی ئەرشیفی تێدا بێت لە كوردستاندا بوونی نییە، سەبارەت بەگەرمیانیش هیچ گرنگییەك بە ئەرشف نەدراوە، سەرەڕای ئەوەی كە ئەم ناوچەیە خاوەن مێژوویەكی دێرینە و بە سەدان بەڵگەنامە و دۆكیۆمێنت لە ناوچەكەدا هەن، بەڵام تا ئێستا كۆنەكراوەتەوە نەخراوەتە بەردەم توێژەران بۆ ئەوەی بە ئاسانی لێی بكۆڵنەوە. ئەمەش وا دەكات كردنەوەی ناوەندێكی ئەرشیفی ببێت بە زەروورەتێكی گەورە بۆ ناوچەكە بۆ ئەوەی چیدی بەڵگە و دۆكیۆمینتەكان لە نێو نەچن و بتوانرێت بپارێزرێت بۆ نەوەكانی داهاتوو و ببێتە ناوەندێك بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی زانستی توێژینەوەكان و لایەنی فەرهەنگیی و ئابووریی و كۆمەڵایەتیی لە ناوچەكەدا.

لیستی سەرچاوەكان:

**سەرچاوە كان**


Bearman, D. "Archives and manuscript control with bibliographic utilities: Challenges and opportunities." *The American Archivist* 52.1 (1989): 26-39

Berger, S. "The role of national archives in constructing national master narratives in Europe." *Archival Science* 13, no. 1 (2013): 1-22.

Caio, G. The Importance of Corporate Archives to Economic and Business History: A Case Study. Society of American Archivists: 59, No. 3, 2012: 1-8

Conway, P. "Archival quality and long-term preservation: a research framework for validating the usefulness of digital surrogates." *Archival Science* 11.3-4 (2011): 293-309.

Duff, W. M, and Verne, H. "Stories and names: archival description as narrating records and constructing meanings." *Archival Science* 2, no. 3-4 (2002): 263-285

Evans, F. B., Donald F. Harrison, E. A. Thompson, and William L. R. "A basic glossary for archivists, manuscript curators, and records managers." *The American Archivist* 37, no. 3 (1974): 415-433.

Feather, J, and Paul S, eds. *International encyclopedia of information and library science*. Routledge, 2003

Foote, K. "To remember and forget: Archives, memory, and culture." *The American Archivist* 53, no. 3 (1990): 378-392

Foster, J, Julia, S and Richard, S. *British Archives: A Guide to Archive Resources in the United Kingdom*. , ( London: Palgrave Macmillan, 2002).

Hohmann, J.P. An introduction to private sector fund raising for archives. Eds, Finch E. F. *Advocating archives: an introduction to public relations for archivists*. Scarecrow Press, 1994.

Hoskins, H. L. "Some Recent Works on Mohamed Ali and Modern Egypt." *Journal of Modern History*. Vol. IV (March 1932)

Karabinos, M. "The Role of National Archives in the Creation of National Master Narratives in Southeast Asia." *Journal of Contemporary Archival Studies* 2.1 (2015): 4. (Pp. 1-8).

Kitching, Christopher . “Archives and history in England since 1850.” *Making History*, 2008 www.history.ac.uk/makinghistory/resources/articles/history_and_archives.html#resources.

Leland, W. G. "The National Archives: A Programme." *The American Historical Review* 18, no. 1 (1912): 1-28

Marsot, A. L. "Egyptian Historical Research and Writing on Egypt in the Twentieth Century," *Middle East Studies Association Bulletin*. Vol. VII/ No. 2 (May 1973): p.4.

Rhoads, J. B. "The Role of Archives and Records Management in National Information Systems: A RAMP Study." Paris (1983).

Roux, G. *Ancient Iraq*. Penguin UK, 1992.

Sanderson, K. A. "Private archives." *Informing New Zealand: Libraries, archives and records= Hei puna whakamohio mo Aotearoa: Whare pukapuka, puranga korero, whare taonga*. Open Polytechnic of New Zealand, 2007: 175-186.

Schellenberg, T. R. "Modern archives. Principles and techniques." Society of American Archivists. U.S.A (2003).

Singh, A. R. *Information Management in Archives and Libraries*. Aakar Books, 2001

*The Writing of History in Nineteenth-Century Egypt*. Cairo: American University in Cairo Press, 1984.

UK Stationery Office. *Annual Report and Resource Accounts of the National Archives 2009-10: Including the Annual Report of the Advisory Council on National Records and Archives 2009-2010*. Vol. 95. Stationery Office/Tso, 2010. (https://www.gov.uk/government/publications/the-national-archives-annual-report-and-resource-accounts-2009-to-2010

مەریوان, عبدول. فەلسەی مێژوو لای شبنگلەر (مێکۆڵنەوەیەکی شیکاری-ڕخنەییە. چاپخانەی خانی, دهۆك. 2008.

کەمال مەزهەر، کورد و کورستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیادا، ب2، چ2، ئا، عەبدوڵلا زەنگەنە، شەهلا تاهیر حەیدەری، لوبنان، گرین گلۆری. 2009.

عبدالرقیب یوسف، بانگەوازێك بۆ روناکبیرانی کورد لە پێناوی کۆکردنەو و زیندوو کردنەوەی کەلە پووری کوردیدا، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، 1985.

چاوپێکەوتن لە گەڵ (رەفیق ساڵح)، سلێمانی، 2018/3/18.

الأرشيف مفهومه تاريخه أصنافه و إدارته، مدونة ابحاث، مارس 06, 2014. http://ab7aath.blogspot.com/2014/03/blog-post.html

الوطني للوثائق: الأرشيف البريطاني بالمركز مصدر ثري للمهتمين بدراسة الخليج، جريدة الاتحاد، تاريخ النشر: الثلاثاء 30 أبريل 2013 .http://www.alittihad.ae/details.php?id=42225&y=2013

سيما شارقى. أينده أرشيو و تحقيقات تاريخى, فصلنامه گنجينه اسناد. شماره 76,زمستان 1395 .

محمد حقى خوانسارى. تاريخچه سند و مراكز اسناد در جهان و ايران. فصلنامه أينه پژوهش, شماره 158. خرداد و تير .1395

# The role and contribution of archives in national information systems: A case study of Garmian province

## Abstract

The purpose of this long-debated and comparative study is to consider and provide information about the essential character and value of Archives in Garmian province (Kalar). It sheds light on the opportunities that archives provide to historians to conduct valuable research and advancing history writing in the area. Additionally, the study seeks to demonstrate the cultural, economic and social benefits that can accrue to a nation through the preservation and use of its archives. The study also explains the experience of two countries, in order to share their knowledge and skill about the procedures and programmes in archive and record managements. Importantly, the research attempts to identify and describe contributing factors to establish a modern archival Centre in Garmian province. Finally, the paper aims to introduce the role that archives play to strengthen and build the sense and development of national identity.